# نەفرەت لە کورد

**هیشام ئاکرەیی**

چ دواکەوتنێکە تێدا دەژین
چ باسێکە!!!!
کوردایەتی تاوانە
بیری نەتەوەیی ڕۆیتری فاشیزمە!
من بە ڕواڵەت کوردم.
سووکایەتی کردنە بە مرۆڤ و مرۆڤایەتی،
باسی نەتەوەکردنە.
کوردستان خاک نیە. . . . . پەیڤە
خاکیش بێ گرنگ نیە. . .
من دەمەوێ بە داهێنانی خۆم،
بیرێکی نامۆ بسڕمەوە،
نەتەوەگەری لەناو بەرم.
وڵاتێک لەناو بەرم
دونیا سەرلەنوێ دروستبکەمەوە.
چۆن؟؟؟؟؟
بەرهەمەکانم بخوێننەوە. . . . تێدەگەن.
وازم لێبێنە. . .
من کە بیرتەسکی دەبینم،
مەست دەبم و ناخی دڵم دەردەکەم.
من بەقەد خواو وڵاتەداگیرکەرەکانی کوردستان،
دوژمنی کوردم!!!!
گەر زمانێکیتر بزانم،
نەفرەت لە کاوەو پەیامبەرەکانی دەکەم.
کوردایەتی مونکەرە!
من نوێنەری خوام لە سەر ئەم خاکە.
ئەوەی دژی من بێ، مولحیدە!
کافرە!
بەناوی خوای گەورەو میهرەبان
فەرمانی حەلالە!
من لە حەق، حەق ترم.
بە شمشێر، بیری نەتەوەیی و کوردایەتی،
لە ناو دەبەم.

www.kurdistannet.org
12-2-2003 0:37
من کومۆنیستێکی سەردەمم. . .
لە چەپەکان، چەپترم
نا. . . . من هەڵگری بیرێکی تازەم.
مارکس*. . لینین*
ئەمانە بەچکە کافرن. . . نەفامن
من دەزانم
(میکاڤیلی)*. . . (هیگل)*
ترۆتسکی*. . . ئیخلیانوف*
ئەوانە، هەندێکیان تەنیا،
بەر لەمن لە دایکبوونە، وەکوتر
من لە هەموان زاناترم.
من تەنا بە کوردی دەنووسم، ئەگینا
بەقەدەر خواو و داگیرکەرانی کوردستان،
دوژمنی کورد و و زمانی کوردم.
ئەوانە. . زەمانی کۆن دەیهێننەوە بیرم.
زمانی سەردەم نازانن. . . تێناگەن.
ها. . ها. . . ها
پێکەنینم بە هەموان دێ.
باشترین کەسیان نووکەرە!
زاناکانیان. . . .
ڕابەرەکانیان. . . . .
بورژوا و کرێکارەکانیان. . . . . .
جوتیار و سەرکردەکانیان. . . . .
ها. . . . ها. . . . ها
من تەنیا بە کوردی دەنووسم، ئەگینا
زمانەکەیان بە کەڵکی هیچ نایە!
من لە دونیا تێدەگەم. . .
زانست و دیالکتیک و ماتریالیزم دەزانم.
وەکیلی خواو مەلای دوانزدەعیلمم.
من مەجبووری ئەم خەڵکەم،
چونکە ئەوانی تر بە گێلم دادەنێن و
زمانیشیان باش نازانم،
ئەگینا. . . . .
بەکوردی نەدەدوام و زمانی زانست و

بەهەشتم هەڵدەبژارد.
من، تەنیا ڕێز لەو گەلانە دەگرم،
کە وڵاتیان هەیە.

من،
بەقەد خواو داگیرکەرانی کوردستان
دوژمنی کەلی کوردم و
کوردستان دەبێ،
تەنیا وەک وشە لە مێژوودا بمێننەوە.

11-02-2003

* چوار ناوی پێشوو ناوی زاناو فەیلەسوفە و دوانی کۆتایی هیچ واتایەکی تایبەتیان نیە.
(هەندی ڕۆشەبیر ناوی نووسەر دێنن بەبێ ئەوەی نووسەرەکە بناسن یان بەرهەمیان خوێندبێتەوە. ئەو وشانە بەو واتایە بەکار هێنراون)

**تێبینی کوردستان نێت:**
مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.
ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت..........• 15-1-2003